# ئەلەفۆن و ئەلۆپیت لە زمانی کوردییدا

**دڵشاد محمد غریب**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** Dilshad.hamagharib@garmian.edu.krd

**ئاسۆ عبدالرحمن کریم**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:**Aso.baban@su.edu.krd

**نەسرین نوری عبدللە**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** Nasrin.nuri@garmian.edu.krd

## پوختە:

لێکۆڵینەوەکە بۆ (ئەلەفۆن و ئەلۆپیت لە زمانی کوردیی)دا تەرخانکراوە، کە تێیدا هەوڵدراوە بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە لە ڕوی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییەوە جۆراوجۆری دەربڕین و بەرجەستەکردنی هەندێک لە(فۆنێم)ەکان، لەدابەشبونی تەواوکەرانەدا بەشێوەیەکی خورتیی، یان لەجۆری ئازاددا جۆراوجۆری دەربڕینیان هەیە نیشاندراون، بەو جۆرە دەربڕینە جیاوازەنەیش دەوترێت(ئەلەفۆن). لەپاڵ ئەوەیشدا، جۆری هەندێک لە گۆڕدراوەکانی گرافێمێک دیارییکراوە، کە تایبەت نییە بە دەربڕینەوە، بەڵکو تایبەتە بەشێوەی (نوسیین/ئورسۆگرافی)یەوە. بەوواتایە، دەشێت فۆنێمێک لەدابەشبونی تەواوکەرانەدا بەشێوەیەکی خورتیی، فۆڕمێ یان زیاتری هەبێت، بەو جۆرە نوسینە جیاوازانەیش دەوترێت( ئەلۆپیت).
ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەیش ڕێبازی ( پەسنیی – شیکاریی) بەکارهێنراوە، کە تێیدا هەندێک لە فۆنێمەکان لە جێکەوتەکانی وشەی فۆنۆلۆژییدا دەستنیشانکراون، شیکردنەوەی نمونەکان بەتیۆریی و هەنگاوەکانی کارکردنی قوتابخانەی گواستنەوە جێبەجێکراوە. هەروەها لەپاڵ (ئەلفوبێ– فۆنێمی کوردیی)دا، (ئەلفوبێ – فۆنەیتیکی )یش بەکارهێنراوە. نمونەکانیش لەئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەمڕۆی (زمانی کوردیی/دیالێکتی ناوەڕاست)ەوە وەرگیراون.

**کلیلە وشەکان:** ئەلۆفۆن، شێوەی فۆنێم، فۆنێم، پیت، ئەلۆپیت، ئەلفوبێ.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

### ١/٠)ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ (ئەلەفۆن و ئەلۆپیت لە زمانی کوردیی)دا تەرخانکراوە، کە تێیدا هەوڵدەدرێت بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە لەڕوی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییەوە ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دروستبونی ئەلەفۆن و ئەلۆپیت، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دیاریدەکرێن.

### ٢/٠)ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر (ئەلەفۆن و ئەلۆپیت) لە زمانی کوردییدا ئەنجامدراون، بەرهەمی بەکەڵک و پر بایەخیان هێناوەتە ئەنجام، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێک لایەنیان کاری پڕاوپڕیان لەسەرنەکراوە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە. لەسەروی ئەوانیشەوە، تا ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ نابینرێت، کە بەم شێوەیەی ئێرە پێشکەشکرابێت.

### ٣/٠) کەرەستە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەیش ڕێبازی ( پەسنیی – شیکاریی) بەکارهێنراوە، کە تێیدا شێوە جۆراوجۆرەکانی هەندێک لە(فۆن و گراف)یمەکان لە جێکەوتەکانی وشەی فۆنۆلۆژییدا دەستنیشانکراون، شیکردنەوەی نمونەکان بەتیۆریی و هەنگاوەکانی برِگە و برِگەسازیی (فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان) جێبەجێکراوە. جگە لەئەوەیش لەپاڵ (ئەلفوبێی– فۆنێمی کوردیی)دا، (ئەلفوبێی – فۆنەیتیکی جیهانی –IPA) یش بەکارهێنراوە.

نمونەکانیش لەئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەمڕۆی زمانی کوردیی– شێوازی ناوەڕاست وەرگیراون.

### ٤/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە، جگە لە پێشەکیی و ئەنجام، لە دوو بەش و پوختەی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە.

## بەشی یەکەم: گرێمانەکاریی وتیۆریی لەخۆدەگرێت.

**بەشی دوهەم:** بۆ جۆری (ئەلەفۆن، ئەلۆپیت/ئەلۆگراف)ەکان تەرخانکراوە، کە لەناو وشەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژییدا هەن و بەرجەستەدەکرێن.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# بەشی یەکەم

# گرێمانەکاری و تیۆریی

## ١/١) زانیاریی بەرایی

زمان مۆدولێکی ناو مێشکە(محەمەدی مەحویی: ٢٠٠٨: ٦) فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیش دوو پێکهاتوی ناو ئەو مۆدولەن و تەواوکەری یەکترن، یاخود وەکو کێڵگەیەکی سەربەخۆ لە زماندا کاردەکەن. فۆنەتیک وەکو زانستێک لە ڕوی ئۆرگانییەوە لە دەنگەکانی مرۆڤ و چۆنێتی جوڵانەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتن دەدوێت. هەروەها گرینگیی بەگواستنەوەی شەپۆلی دەنگەکان وگواستنەوەی بە وەرگر دەدات، بەو واتایە، ئەو زانیارییانە چۆن وەردەگرێن و دگەیەنرێن بە ئاوازی مێشکی گوێگر. فۆنۆلۆژیی هەمو زمانێکیش مەرج و یاسا و پێڕە و کۆتوبەندی دیاریکراوی خستنەتەکیەکی خۆی هەیە، پێویستە لەڕێگای لێکۆڵینەوەی زانستییەوە بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە، ئەو مەرج و یاسایانە پۆلێن و دەستنیشانبکرێن. دەنگەکانی زمان پۆلێنکراون بۆ:




پێڕەوی (دەنگ و نوسیین)، تا ڕادەیەک بواری سەربەخۆن، ئەگەرچی لەگەڵ یەکترییدا لە پەیوەندیدان، بەڵام لە بنەڕەتدا ناوابەستەن لەیەکتریی(محەمەدی مەحویی:٢٠١٦: ٧٩). وشەی فۆنۆلۆژییەکان لە پێکهێنەرە فۆنۆلۆژییە واتا جیاکەرەوە دەربڕینەکان دروستبوون. دیاریکردنی سەگمێنتی فۆنۆلۆژیی و هەمە چەشنی بنەڕەتی و (ئەلەفۆن و ئەلۆگرافیم)ەکان و چەشنەکانیان ئەرکی فۆنۆلۆژییە. سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان لەناو پێڕەوەێکدا جێکەوتەیەک وەردگرن، لە پەیوەندییە جێنیشییەکاندا، دەشێت هەمبەریی بن، یان لە جۆری ئازاد. گرێمانەی ئەوەدەکرێت، هەمو فۆنێمیک لە چەپکە (دەنگ/فۆن)ێک پێکهاتبێت، کە بەشێوەی ئەبستراکت لەناو فەرهەنگی مێشکدا هەڵگیراون، بەوواتایە، یەک فۆنێم لە چەپکێک فۆن پێکهاتووە، چونکوم لەکاتی دەربڕینی هەر فۆنێمێک بەپێی جیکەوەتەکەی لە وشەی فۆنۆلۆژییدا بەشێوەیەکی ئەوتۆماتیکیی وەکیەک نابیسترێتەوە و وەرناگرێتەوە(محەمەدی مەحویی: ٢٠٠١: ٨٩). هەمو ئەو چەپکە فۆنانە، کە لەچێوەی فۆنێمەکدا کۆدەبنەوە، یاخود بەشێکن لەو فۆنیمە بە (ئەلەفۆن/شێوەی فۆنێم)ناسراون.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

گرافیمیش بچوكترین یەكەی واتای جیاكەرەوەی پێڕەوی نوسینی زمانێكە. بۆنمونە گرافیمی نوسینی (ت) بە(ئەلفوبێی) كوردیی لە(سەرەتا، كۆتایی)وشەدا، دەشێت لە شێوەی جیاجیا دەركەون، وەک: (تـ ~ ت ) بەهەمو ئەو شێوە جۆراوجۆرانەی نوسیین دەوترێت(ئەلۆگرافیم).

## ١-١/١)دەستوری نوسینەوە

لە زانستی زماندا، دوو جۆر نوسیین پەیڕەودەكرێت، ئاساییە لە لێكۆڵینەوەی فۆنۆلۆژییدا هەر یەكەیان بەكاربهێنرێت. جۆری یەكهەمیان پێیدەگوترێت (phonetic Alphabet )، كە بەنوسیینی فۆنەیتیكیی (Ipa) جیهانیی ناسراوە. لە شیكردنەوە و خستنەڕوی نمونەكان، هەمو زمانێک دەتوانێت سودی لێببینێت، كە بە دوو كەوانەی شكاوە بۆ فۆن و ئەلەفۆنەكانی([pʰ~ p]) بەرجەستەدەكرێت. یاخود بۆچۆنێتیی دەربڕینی فۆنەیتیكیی فۆنێمەكان و پۆلەڕەگەزە فەرهەنگیی و ئەڵتەرناسیونەكانیان، وەک:([پێ~پا ~ pe~ pa: ~]) بەكاردێت.

جۆری دوهەمیان بەئەلفوبێی فۆنێمی ناسراوە (phonemic Alphabet)، ئاشكرایە هەمو زمانێک بەپێی سیستەم و یاساكانی ئەلفوبێیەكی تایبەتیی هەیە، كە دەشێت بۆ زمانیكی تر نەگونجێت، دەخرێتە نێوان دوو هێڵی لاری ئەملاوئەولاییەوە (/p /). زۆر جار لە لێكۆڵینەوەی زانستییدا لە پاڵ ئەلفوبێی فۆنێمیی، ئەلفوبێی فۆنەیتیكیش بۆ دەستنیشانكردنی ئەلۆفۆنەكان بەكاردێت، بۆیە بەمەبەستی دەستوری نوسینەوەی كەسێتیی فۆنێمە فۆنۆلۆژییەكان شێوە جۆراوجۆرەكانیان لە وشەی فۆنۆلۆژییدا، لە پێڕەوەكەدا دوو جۆر نوسیینەوە لە ناو ڕژێمی فۆنێمەكانی زمانێكی دیاریكراوەدا لەیەک جیادەكرێنەوە (Ladefoged: 1971: 39-45). هەر فۆنێمێک بەپێی سازگە و شوێنی پۆلەڕەگەزی بڕگەیی و نیمچە نابڕگەییەكان لە ڕوی فۆنەیتیكیی و شوێنی بەرهەمهێنانیانەوە، لە ڕێگای ژمارەیەک نیشانەی جیاكەرەوەی دەنگدارییەوە[+/- لچولێو]، [+/- پوكیی]، [+/- مەلاشویی]،[+/-دەنگداریی] لەیەک جیادەكرێنەوە. بەوێنە، دەنگی[س] دەنگێكی [+خشۆكیی، -دەنگداریی]ە، بەڵام لەهەندێک جێكەوتەی وشەی فۆنۆلۆژییدا بە[+/- دەنگداریی] بەرجەستەدەكرێت، وەک:[səd~sə̣d~ṣə̣d]).

## ٢-١/١)زانیاریی فۆنۆلۆژیی و فەرهەنگیی


فۆنێمەكانی هەر زمانێک، وەكو لێكسیمەكان لەناو فەرهەنگی ئاوەزییدا گەنج و تۆماركراون، بەوپێیەش هەریەكەیان هەڵگری واتای فەرهەنگیی خۆیانن و كرۆكەواتای دیاریكراو و تایبەت بەخۆیانن، كە لە فەرهەنگدا دیارییكراون. واتای فەرهەنگیی، وابەستەی ئەو زانیارییە واتاییانەیە، كە خودی فۆنێمەكان لەبنەڕەتدا هەیانە، ئەوانیش لەڕێی دیاریكردنی ژمارەیەک لە نیشانەی واتاییەوە دەناسرێنەوەو واتاو ناوەرۆكی وفۆنێمییان پێپەسندەكرێت(عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف: ٢٠٢٠ :٣٧). بەوەش فۆنێمێک لەڕێی كرۆكەواتاوە لەناو كۆمەڵە فۆنێمەكاندا بە جیهانی دەرەوەوە بەستراوە. زانیارییە فەرهەنگییەكان پەیوەست بەفۆنۆلۆژیی و واتاوە لە ئاوازی ئاخیوەراندا بەهۆی توخمە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

پێکهێنەرەکانی ناو فەرهەنگەوە هەڵگیراون، ئاخیوەرانی زمانیش لەڕوی گوتنەوە زانیارییەکان بەکاردەهێنن. زانیاریی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیی) بۆ ئاخیوەرانی هەمو زمانەکان هاوبەشە، بەڵام پێدەچێت بۆ فۆرم داڕشتنی وشەی فۆنۆلۆژیی و پێواژۆ (فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی) ەکان جیاواز بن. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان فەرهەنگ و پێکهاتووەکانی زمان، بڕوانە هیڵکاریی ژمارە(١) لە خوارەوە ڕونکراوەتەوە.

هیڵکاریی ژمارە (١)




هێڵکاریی ژمارە(١)ی سەرەوە، ئەوە نیشاندەدات، کە فەرهەنک گەنجینەیەکە بۆ هەڵگرتنی هەمو زانیارییە زمانییەکان و دەخرێتە خزمەتی پێکهاتەکانی(فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس)ەوە(سازان زاهیر سەعید: ٢٠١٩: ٨-٩). ئەوەیش بەمەبەستی دروستکردنی یەکەی گەورەتر، وەک: (بڕگە، مۆرفیم، وشە...هتد). لە فۆنۆلۆژییدا دوو جۆر کەرەستەی دەنگیی دیاریکراون:

یەکهەم: فۆنێمی سەرەکیی- primary phoneme: سەگمێنتەکانی(بڕگەیی/ڤاوڵ و نابڕگەیی/کۆنسۆنانت) دەگرێتەوە، کە بە شێوەی زنجیرەیی بە مەبەستی دروستکردنی یەکەی گەورەتر بەیەکەوە دەبەسترێنەوە.

دوهەم: لەگەڵ هاتووەکان – prosody: هەمو ئەو دیاردە دەنگییانە دەگرێتەوە، کە لەڕێگای گوتنەوە دەردەبڕڕێن، وەک(هێز، تەوژم، زرنگە، ئاواز، وەستان)ئەو جۆرە کەرەستانە و لەفۆنۆلۆژییدا بە(نیشانەی سەروو- سەگمێنتی- supra-segmentalfeatures) نیشاندراون (عطیة سلیمان: ساڵ نییە: ٢٣-٢٥).

شیکردنەوەی فۆنیمیی و چییەتیی فۆنیمەکان زمان بە( فۆنۆلۆژیی پۆلێنکەرانە –taxonomic phonology) ناسراوە، واتا بۆ ئەوەی فۆنێمەکان و جۆری ئەلەفۆنەکانیان پۆلێن ودیارییبکرێن(مبارک حنون، احمد العلوی: ١٩٩٢: ٥-٦) دەبێ چەند هەنگاو و مەرجێک پەیڕەو بکرێت، وەک:

ا) هەمبەریی: جیاکردنەوەی (دەنگ/ فۆن)ەکان وەک فۆنێم لە ڕێگای دروستکردنی (گچکەترین جووت Minimal pairs-)ەوە بۆ دەنگە هەمبەرییەکان، یاخود واتا گۆڕەکانەوە جێبەجیدەکرێت، بەوواتایە، ئەگەر دوو دەنگ لە هەمان جێکەوتەی وشەی فۆنۆلۆژییدا واتای نوێیان دروستکرد، ئەو کاتە بەدوو فۆنێمی جیاواز ئەژمار دەکرێن(دڵشاد محەمە غریب: ٢٠١٩: ٦٧-٧٢).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021


ب) دابەشبونی تەواوکەرانە–complementary distribution: مەبەست لەئەو فۆنێمانەیە، کە زۆرجار لە وشەی فۆنۆلۆژیی – دابەشبونی تەواوکەرانەدا بەشێوەی جیاجیا (پەسەنکردنی بێلایەنبوون– neturalization description)بەرجەستەدەکرین و بێ ئەوەی ببنە هۆی گۆڕینی واتا. کەواتە بەهیچ چەشنێک لە هەمبەریدا نیین و گچکەترین چووت جیاکەرەوە دروستناکەن(احمد مختار عمر: ٢٠٠٦: ٢٠٨).

پ) جۆرە گۆڕدراوە ئازادەکان–free variation: ئەگەر دوو دەنگ جێکەوتەکانیان لەهەمان جێکەوتەی وشەی فۆنۆلۆژییدا بگۆڕنەوە و نەبنە هۆی گۆڕینی واتا، ئەو دوو دەنگە بریتی دەبن لەهەمەچەشنی ئازاد بۆهەمان فۆنێم(عادل ڕەشید: ٢٠٠٨: ١٨). دەربڕینە جۆراوجۆرەکان وابەستەی هەندێک مەرجن و بەشێکن لە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان، گریمانە دەکرێت هۆکار و مەرجی گۆڕدراوەکان جۆراوجۆربن(خەبات هادی جەمیل: ٢٠١٥: ٢٠-٢١).

## ٣-١/١)برگە و برگەسازیی

بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە، لێکۆڵینەوەیەکی پڕاوپڕ و پێڕەوبەندانە بێت، لە چێوەی برگە و برگەسازییدا نمونەکان ڕاڤەدەکرێن و شیدەکرێنەوە، سەرەڕای ئەوەیش کار بەمۆدێلی CV وەچەپێکهاتەکانی برگە دەکرێت. (فۆن/دەنگ) بەرجەستەکردنی دەنگیی پێڕەوی دەنگەکانە، بەڵام (گراف) بەرجەستەکردنی سەگمێنتێکە بەنوسیین، جیاوازیی نیوان (پیت و گرافیم)کراوە، گرافیم کاتێک پیتە، کە واتا دەگۆڕێت، ئەگەر واتای نەگۆڕی پێی دەوترێت (ئەلۆگرافیم) (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦: ٧٩ ). بەم شێوەیە دەتوانین بەپێی ڕێسای دوو پەلکیی برگە و برگەسازیی، جۆری(ئەلۆفۆن و ئەلۆگرافیم)ەکان دەستنیشانبکرێن. (بڕوانە: هێڵکاری هەرەمیی برگە ژمارە (٢)).

هێڵکاریی ژمارە (٢)





DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

وەچەپێکهاتەکان بەشەکانی بڕگە دروستدەکەن، ئەو بەشانەیش دەشێت لە سەگمینتێک، یان دوو سەگمینتیان تیدایە بێت، یاخود بۆشیش بن و هیچیان تێدا نەبێت. سەگمینتە فۆنۆلۆژییەکان بەپێی جێکەوتەیان لەوشەی فۆنۆلۆژیی و وەچەپێکهاتەکانی بڕگە، پێشبینی جۆراوجۆریی دەربڕین و نوسینیان هەبێت(محمد معروف فتاح: ٢٠١١: ٦٤-٦٧). بۆیە لەسەر بنەمای بڕگە و بڕگەسازیی جۆری گۆڕدراوەکان نیشاندەدرین.

## بەشی دووهەم

### ٢/١)ئەلۆفۆن-Allophon

لە فۆنۆلۆژییدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە هەمو فۆنێمێک لەچەپکە (فۆن/دەنگ) پێکدێت، کە بەشێوەیەکی ئەبستراکت لە فەرهەنگی مێشکدا هەڵگیراون. ئەلەفۆن بەرجەستەبونی دەنگە جۆراوجۆرەکانی فۆنێمێک دەنوێنن. لەکاتی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەربڕینی فۆنێمەکان بەهیچ چەشنێک وەکویەک نابیسترێنەوە و وەرناگیرێتەوە(تالێب حوسێن عەلی: ٢٠١٥: ٥٨-٦٤). واتا کاتێک فۆنێمیک لە دەربڕیندا وەکویەک دەرنابڕێتەوە، ئەو دەمە دەبێتە هۆی ئەوەی چەپکە(فۆن)دروسببێت. بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستیی پێوەندی نێوان فۆن و فۆنێم و ئەلەفۆن دیاریی بکەین، هەوڵدەدەین لە خوارەوە، جۆراوجۆریی هەندێک لە فۆنێمە گۆڕدراوەکان نیشانبدەین.

### ١-٢/١)فۆنێمەکان لە دابەشبونی تەواوکەرانەدا:

زۆرجار لەوشەی فۆنۆلۆژییدا فۆنێمەکان بەشێوەی جیاجیا لە(سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) بڕگەدا بەرجەستەدەکرێن و بێ ئەوەی ببنە هۆی گۆڕینی واتا. کەواتە، بەهیچ چەشنێک لە هەمبەریدا نیین و گچکەترین چووت جیاکەرەوە دروستناکەن، بەڵکو پێشبینی گۆڕانی فۆنۆلۆژییان لێدەکرێت.

### ١-١-٢/١)وشەی فۆنۆلۆژیی:


لەوشەی فۆنۆلۆژییدا هەوڵدەدەین، بەکورتیی هەندێک زانیاریی لەبارەی دەنگە (گیراوەکان–plosive )، وەکو ( ,p] [b, t, d, k, g) نیشانبدەین. لە ڕوی ئۆرگانییەوە، خاوەنی (+ نابڕگەیی، + گیراو، + گەروو/بۆشایی ناو دەم، + خشە و خشپە) ئەم تایبەتمەندییانەن. لەسەرەتا و کۆتایی بڕگەدا، بەشداریی لە وشەی فۆنۆلۆژییدا دەکەن، وەک:

١)[b] /ب/ : دەنگێکی (+نابڕگەیی، – هەناساویی، +گیراو، +دەنگداریی، + لیولچ)، وەک:

ا)/باران/ [ba .ra:n]

پ)/زۆراب/ [zo .ra:b̥]

نمونەی ژمارە (١)





DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

نمونەی یەکهەم ئەوە نیشاندەدات، کە فۆنیمی(/ب/)لەجێکەوتەی سەرەتای بڕگەی وشەی فۆنۆلۆژیدا(+دەنگدار)ییە، بەڵام لەکۆتایی بڕگەدا لەشێوەی دەنگی([پ~b̥] ) و (–دەنگدار)یی بەرجەستەدەکرێت. واتە، دەربڕینی فۆنیمیک بەشێوەی جیاجیا و نەبێتە هۆی گۆڕینی واتا پێیدەوترێت ئەلەفۆن.


٢)[t] /ت/ دەنگێکی (+نابڕگەیی، – هەناساویی، +گیراو، –دەنگداریی، + پوکیی – تەقاوە)یە، وەک:

ا)/تەڕ/ [təR]

ب)/ستار/ [star]

پ)/دەست/ [dəst̪]

نمونەی ژمارە (٢)





هێڵکاریی دوهەم ئەوە دەردەخات، کە فۆنیمی(/ت/)لەجێکەوتەکانی (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی)وشەدا، فۆنیمی خۆی دەسەلمێنێت. بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە، لەسەرەتای بڕگە و وشەی فۆنۆلۆژیدا(–دەنگدار، + هەناساویی)ە، هەروەها لەناوەڕاستی بڕگە و وشەدا، بەتایبەتیش لەڕوی فۆنۆتاکتیکە، کاتێک لەپاش دەنگی([s])دێت (–دەنگدار، – هەناساویی)دەردەبڕرێت و لە کۆتایی بڕگەیشدا(–دەنگدار، + تەقیو) بەرجەستەدەکرێت. واتا فۆنیمی(/ت/) لەڕوی فۆنەتیکییەوە، بەپێی جێکەوتەکانی لە وشەی فۆنۆلۆژییدا بەشێوەی جۆراوجۆر بەرجەستەدەکرێت، بەهەمو ئەو فۆنانە دەوترێت ئەلەفۆن.

٣)[d] /د/ (+نابڕگەیی،– هەناساویی، +گیراو، +دەنگداریی، + پوکیی، + تەقاوە)، وەک:

ا)/دار/ [daːr]

ب)/ مەهاباد / [mə . ha . baːd̥]

نمونەی ژمارە (٣)






**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021**


زانیارییەکانی خاڵی سێهەم ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە فۆنێمی(/d/)لەجێکەوتەکانی (سەرەتا، کۆتایی)وشەدا، فۆنێمی خۆی دەسەلمێنێت. لەڕوی فۆنۆتاکتیکەوە، لەسەرەتای برگە و وشەی فۆنۆلۆژیدا(+دەنگدار، – هەناساویی)ە، لە کۆتایی برگەیشدا(–دەنگدار، + تەقیو) بەرجەستەدەکرێت. واتا فۆنێمی(/d/) لە ڕوی فۆنەتیکییەوە، بەپێی جێکەوتەکانی لە وشەی فۆنۆلۆژییدا بەشێوەی جۆراوجۆر بەرجەستەدەکرێت، واتا هەردوو فۆنی [d, ḍ] دەوترێت ئەلەفۆن، چونکوم نەبونەتە هۆی گۆڕینی واتا.

٤)[g] /گ/ (+نابڕگەیی،– هەناساویی، +گیراو، +دەنگداریی، + مەڵاشویی، +تەقاوە)، وەک:

ا)/گەل/ [gəl]

ب)/مەرگ/ [mərg~mərk]

نمونەی ژمارە (٤)




شیکردنەوەی نمونەکان خاڵی چوارهەمیش ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە فۆنێمی(/گ/) لە دابەشبونی تەواوکەرانەدا و لە جێکەوتەکانی (سەرەتا، کۆتایی) وشەدا، فۆنێمی خۆی دەسەلمێنێت. لە ڕوی فۆنۆتاکتیکەوە، لە سەرەتای برگە و وشەی فۆنۆلۆژیدا (+دەنگدار)یە و لەکۆتایی برگەیشدا(–دەنگدار)یی بەرجەستەدەکرێت. واتە، فۆنێمی(/گ/) لە ڕوی فۆنەتیکییەوە بەشێوەیەکی ئەوتۆماتیکیی، بەپێی جێکەوتەکانی لە وشەی فۆنۆلۆژییدا بەشێوەی جۆراوجۆر بەرجەستەدەکرێت، واتا هەردوو فۆنی [k, g]دەوترێت ئەلەفۆن، چونکوم نەبونەتە هۆی گۆڕینی واتا.
بەڵگەکانی(١–٤)پەیوەست بەم بابەتە هێنرانەوە، ئەو ڕاستییەیان یەکلاکردووەتەوە، کە هەندێک لە فۆنێمە گیراوەکان لە دابەشبونی تەواوکەرانەدا، دەشێت دەربڕینی جۆراوجۆریان هەبێت، ئەو جۆرە گۆڕدراوانە بە ئەلەفۆن ناسراون.

## ٢/١-١-٢) پێواژۆ- مۆرفۆلۆژیی:

پێشتر لە (**٢/١–١–١)دا،** وشەی فۆنۆلۆژییدا ئەوە خرایەڕوو، کە بەهۆی فۆناتاکتیکی فۆنێمەکانەوە، هەندێک لە فۆنێمە گیراوەکان لە دابەشبونی تەواوکەرانەدا، دەربڕینی جۆراوجۆریان هەیە، وەکو وتمان، بەهەمو ئەو جۆرە گۆڕدراوانەیش دەوترێت ئەلەفۆن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021


لەپێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکاندا، کاتێک وشەی مۆرفۆلۆژیی (ناسادە) دروستدەکرێت، نواندنی فۆنەتیکییانەی فۆنێمەکان وابەستەی ئەو مەرج و کۆتوبەندانەن، کە لەنواندنی فۆنۆلۆژییدا پەیڕەوکردنیان خورتییە. بەوواتایی، کاتێک مۆرفێمەکان لە یەکدەدرێن هەندێک لە فۆنێمەکان گۆڕانی دەنگییان بەسەردا دێت، وەک:

٥)/دەست+گر/=/دەستگر/ [dəst . gɨr~ dəs+gɨr~ dəz+gɨr]

٦)/پشت+دەر/=/پشتدە/ [pɨʃt . dər~ pɨʃ . dər ~ pɨʒ . dər]

٧)/هەشت+دە/=/هەشدە/ [həʃ . də~ həʒ . də]

٨)/قەد + باریک/= /قەدباریک/ [qəd . ba . riːk ~ qəḍ . ba . riːk]




زانیارییەکانی خاڵی (٥، ٦، ٧، ٨) ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە فۆنێمەکانی(/s، ʃ، d/) لە جێکەوتەکانی (سەرەتا، کۆتایی)وشەدا، فۆنێمی خۆیان دەسەلمێنن. کاتێک پێواژۆی مۆرفۆلۆژیی لەدروستکردنی وشەی نوێدا جێبەجێکراوە، لە ڕوی فۆنۆتاکتیکە، گۆڕانی فۆنۆلۆژیی بەسەر فۆنێمەکانی سەرەوەدا هاتووە. بەوێنە، لە نمونەی(٥)دا، فۆنێمی (/s/) لە (–دەنگدار)ییەوە گۆڕدراوە بۆ (/z/) (+دەنگدار)یی.

لە نمونەکانی (٦، ٧)یش ئەو ئەنجامە هەڵدەهێنجین، کە فۆنێمی (/ʃ/) لە (–دەنگدار)ییەوە گۆڕدراوە بۆ (/z/) کە (+دەنگدار)ییە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021


هەروەها نمونەی (٨)یش ئەو ئەنجامە دەستدەخات، کە فۆنیمی(/d/) لە ڕوی فۆنەتیکییەوە، لە جێکەوتەکانی وشەی فۆنۆلۆژییدا زۆرجار لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدا بەشێوەی جۆراوجۆر و خورتیی بەرجەستەدەکرێت، لەسەرەتای بڕگەدا (+ دەنگدار، – هەناساویی)ە، لە کۆتایی بڕگەیشدا(–دەنگدار + تەقیو) بەرجەستەدەکرێت. واتە، لە ڕونکردنەوەکانی سەرەوەدا، لەسەر ئەو بنەمایەی فۆنیمەکانی(/س، ش، ت/) یەک نرخیان هەیە، لە جێکەوتەکانی بڕگەدا بەشێوەی جیاجیا دەردەبڕرێن. بۆیە، بە فۆنەکانی ([z~ s], [ʒ~ ʃ], [ḍ ~d]) دەوترێت ئەلەفۆن، لەبەرئەوەی نەبونەتە هۆی گۆڕینی واتا.


## ٣-١-٢/١)هێز -strees:

پێشتر ئەو زانیارییانە خرانە ڕوو، کەبەهۆی فۆناتاکتیکی فۆنیمەکانەوە، هەندێک لە فۆنیمەکان لە دابەشبونی تەواوکەرانەدا، یاخود لە پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکاندا دەربڕینی جۆراوجۆریان هەیە، بەو واتایە (–دەنگداریی) دەبێت بە (+دەنگداریی)، یان بەپێچەوانەوە، بەهەمو ئەو جۆرە گۆڕدراوانە دەوترێت ئەلەفۆن. زمانی کوردیی زمانێکی سەرکۆتاییە(عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف: ٢٠٢٠: ١٤٨). هەمو وشەیەکیش هەڵگری هێزە و لەسەر بڕگەیی بڕگەی کۆتایی بڕگەکانی وشە بەرجەستەدەکرێت. بەو واتایەی، هێز سەرکۆتاییە و پێدەچێت تەرزی هێزیش ببێتە هۆی دروستبونی ئەلەفۆن، لەبەرئەوەی بڕگەی هێزدار و بێهێزیش هەیە، بڕگەی هێزدار ماوەی دەربڕینی لە بڕگە بێهێزکە زیاترە(دڵشاد محەمەد غەریب: ٢٠١٩: ١١٥–١٢٤)، وەک:

٩) /باران/ [b`a . r´a:n]

١٠) /پیریی/ [p`i . r´i:]




نمونەکانی (٩، ١٠) ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە هێزیش دەبێتە هۆی دروستبونی ئەلەفۆن، بۆ نمونە بڕگەییەکانی(/a، i/) لە جێکەوتەکانی (سەرەتا، کۆتایی)بڕگەدا هاتوون، فۆنیمی خۆیان دەسەلمێنن. بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە، هێزی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

سەرەکیی لەسەر بڕگەی کۆتایی (/:i: ،a/) بەرجەستەدەکرێت و بڕگەییەکان وەکیەک لە ڕوی فۆنەتیکییەوە دەرنابڕرێن(Chomsky&Halle:1968:18) بۆیە ئەو جۆرە گۆڕدراوەنەیش بەئەلەفۆن ناسراون.

## ٢/١-١-٤)شکاندنەوەی کردار لە سینتاکسدا:

وەکو پێشتر ڕونکرایەوە، کە ئەلەفۆن بەهۆکاری جیاجیا هاتووەتە ئاراوە. لەم ڕووەوە، دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوەیش بکرێت، لەناو دروستەی کرداری ڕانەبوردوودا، هەندێک لەڕەگەکان گۆڕانی فۆنۆلۆژییان بەسەردا دێت. ئەو جۆرە گۆڕدراوە جۆراوجۆرانە دەبن بە ئەلەفۆن، وەک:

| ناوی کرداریی | ڕەگ | یاسا | |
|---|---|---|---|
| ١١)/کوشتن/ | /کوش/ | <دە+کوش+م> | <دەکوژم> |
| [kuʃ . tɨn] | [kuʃ] | → [də . ku . ʒɨm] | [ʃ] → [ʒ] |
| ١٢) /گەستن/ | /گەس/ | <دە+گەس+م> | <دەگەزم> |
| [gəs . tɨn] | [gəs] | → [də . gə . zɨm] | [ʃ] → [ʒ] |




نمونەکانی خاڵی (١١، ١٢) ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە فۆنێمەکانی(/ʃ، s/) لەجێکەوتەکانی)وشەدا، فۆنێمی خۆیان دەسەلمێنن. لە ڕوی فۆنۆتاکتیکە، کاتێک ناوە کردارییەکانی (/کوشتن، گەستن) پێواژۆی شکاندنەوەیان بەسەردا جێبەجێکراوە، گۆڕانی فۆنۆلۆژیی بەسەر فۆنێمەکانی سەرەوەدا هاتووە. بەوێنە، لە نمونەی(١١)دا، ئەوە بەدیدەکرێت، کە فۆنێمی (/ʃ/) لە(−دەنگدار)ییەوە گۆڕدراوە بۆ (/ʒ/)ی (+دەنگدار)یی. هەروەها نمونە (١٢)ئەوە نیشاندەدات، کە فۆنێمی (/s/) لە(−دەنگدار)ییەوە گۆڕدراوە بۆ (/z/)ی (+دەنگدار)یی. هۆکاری گۆڕانی ئەو دەنگانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەنگەکانی(/ʃ، s/) لە ڕوی فۆناتاکتیکەوە لە دابەشبونی تەواوکەرانەدا، لەکۆتایی بڕگەدا لەگەڵ


**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021**

دەنگی (/m/)ی لوتیی ناگونجێن، بۆیە گۆڕانی فۆنۆلۆژیی هاتووەتە ئاراوە. واتە، لەکوێ (گیراو)ی (– دەنگدار) هەبێت، لەئەویش (خشۆک)ی (– دەنگدار)هەیە، بەپێچەوانەیشەوە ڕاستە (دڵشاد محەمەد غریب: ٢٠١٩:١٠٥-١٠٦ ).

## ١/٢-٢)گۆڕدراوە ئازادەکان:


ئاشکرایە، ئاخاوتن و نوسیین جیاوازییان هەیە، لەبەرئەوەی لە ئاخاوتندا ئازادییەکی زۆر تێدیە و گرینگی ئەوتۆ بەهەندێک یاسا و مەرجی نوسیین نادریت. بۆنمونە ئەگەر کەسێک بییەوێت بەزمانی (فەرمیی/ستاندارد) بدوێت، ئەوا بەشێوەیەکی سەرەکیی ئەوە فۆڕمە بنەڕەتییەکان لەئاخاوتندا بەکاردەهێنێت(محەمەدی مەحویی: ٢٠٠٨: ٢٢٤). لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، زۆر جار فۆنێمەکان بەشێوەیەکی ئازادانە لە جێکەوتەکانی وشەی فۆنۆلۆژییدا بە هۆکاری جیاجیا وەکیەک دەرنابڕرێن و بەرجەستەناکرێن، ئەمیش جۆرێکی دیکەی دروستبونی ئەلەفۆنە، کە زیاتر لەژێر دەسەڵاتی ئاخێوەراندایە، وەک:

١١) /سەد/ [səd . ṣəḍ~ ṣəw~ θət]

١٢) /پێ/ [pe ~ pa:]

١٣) /سک/ [sɨk~ zɨg]

١٤) /خەوتن/ [xəw . tɨn ~ xəf . tɨn]





DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

نمونەکانی (١١، ١٢، ١٣، ١٤) ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە فۆنیمەکانی(/و، ک، ێ، س/) فۆنیمێکی سەربەخۆن و بەشدارییان لە وشەی فۆنۆلۆژییدا کردووە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینییە، ئەو وشانە لەڕوی فۆنەتیکییەوە بەشێوەیەکی ئازادانە، وەکیەک دەرنابڕرێن. بۆ ئەوەی زمانێکی یەکگرتومان هەبێت، مەرجە لە نوسیینیدا فۆڕمە بنەڕەتییەکە بنوسرێت، نەک جۆرە گۆڕدراوەکان. ئەو جۆرە گۆڕدراوەنەیش بە ئەلەفۆنی ئازاد ناسراون، وەکو لە خوارەوە نیشاندراون، بۆنمونە:

١١) /س/ ([θ~ث, ṣ~ص ← s~س])

١٢) /ێ/ ([a~ا ← e~ێ])

١٣) /ک/ ([g~گ ← k~ک])

١٤) /و/ ([f~ف ← w~و])

بەپێی شیکرنەوەکانی سەرەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێ، کە ئەو جۆر گۆڕدراوانە خورتیی نین، بەڵکو ئاخیوەر ڕۆژانە بەشێوەیەکی (سەرپشکیی/ئازاد) انە دەریاندەبڕێت، ئەمیش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، کە بریتین لە:

ا) نەخۆشی دەرونیی زەگماکیی.

ب) پەلەپەل و خێرا قسەکردن.

پ) زار و وەچەزار.

ت) باری ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی.

ج) خوێندنەوە بەشێوەیەکی ئازادانە، وەکو (قورئان، شیعر، پەخشان..هتد).

چ) کاریگەریی زمانی دایک لەسەر زمانی دوهەم.(ئاسۆ عبدالرحمان کریم: ٢٠١٩: ٨٤).

ح) گاڵتەکردن.

زانیاریی (١١) ئەوە دەسەلمێنت، کە فۆنیمی(/س/) بەشداریی لەوشەی فۆنۆلۆژییدا کردووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، بەهۆی ئەو خاڵانەی سەرەوەدا، زۆرجار بەشێوەی خورتیی، یاخود بەشێوەی ئازادانە لەشێوەی[θ~ث , ṣ~ص])دەردەبڕرێت و بەرجەستەدەکرێت.

## ٣/١) ئەلۆپیت - Allograph

لەشیکردنەوەکانی(٢/١)دا ئەوە سەلمێنرا، کە هەندێک فۆنیم لە دابەشبونی تەواوکەرانەدا، دەشێت بەشێوەیەکی خورتیی، یان لەجۆری ئازاددا جۆراوجۆری دەربڕینیان هەبێت، بەو جۆرە گۆڕدراوەنەش دەوترێت ئەلەفۆن. لەم بەشەیشدا، هەوڵدەدرێت جۆری هەندێک لە گۆڕدراوەکانی گرافیمێک دیارییبکرێت، کە تایبەت نییە بە دەربڕینەوە، بەڵکو تایبەتە بەشێوەی (نوسیین/ئورسۆگرافی)یەوە. بەوواتایە، دەشێت فۆنیمێک لەدابەشبونی تەواوکەرانەدا


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021


بەشێوەیەکی خورتیی، فۆرمێک یان زیاتری هەبێت، بەو جۆرە نوسینە جیاوازانەیش دەوترێت (ئەلۆپیت/ئەلۆگراف). نوسینی گرافیمەکانی(ئاوبێی کوردیی) لە(سەرەتا و ناوەڕاست، کۆتایی) بڕگە یان وشەدا، دەشێت هەر گرافیمێک لە گرافیمێک یان زیاتری هەبێت(محەمەد مەعروف فەتاح:٢٠١٠: ٥٨).

## ١-٣/١ ) بڕگەیی

لەم باسەدا، بەکورتیی هەندێک نمونە تایبەت بەبڕگەیەکان دەخرێنەڕوو، بۆ ئەوەی ڕونبکرێتەوە لەبڕگەی فۆنۆلۆژییدا، شێوەی جیاجیایان هەیە، وەک:

| ئەلفوبێی فۆنێمیی | ئەلفوبێی فۆنەتیکیی | سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتایی |
|---|---|---|---|---|
| ١٤)/ە/ | [ə] | #_____ | /دەر~سەر/ | / دە~دەستە / |
| ١٥)/ێ/ | [e] | #_____ | /تێر/ | / دێ ~سێ/ |

لەنمونەکانی(١٤، ١٥)دا، گرافیمەکانی(/ە، ێ/) لەبەر ئەوەی بڕگەیین، بۆیە لەسەرەتای بڕگەدا نەهاتوون و ڕێگەپێنەدراون، بەڵام لە(ناوەڕاست، کۆتایی) بڕگەدا بەشدارییان لە وشەی فۆنۆلۆژییدا کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە گرافیم و ئەلۆگرافیم (بڕوانە: هێڵکاریی نمونەکانی(١٤، ١٥).




نمونەکانی (١٤– ١٥) ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە گرافێمەکانی(/ە، ێ/) لە(ناوەڕاست، کۆتایی) بڕگەی وشەی فۆنۆلۆژییدا فۆنێمێکی سەربەخۆن و لە ڕوی نوسینەوە وەکیەک نانوسرێن، بەڵکو شێوەی جیاوازیان هەیە. ئەو جۆرە گۆڕدراوەنەیش لەزانستی زماندا، بەئەلۆگراف ناسراون، بەهەمان شێوەی ئەلەفۆنەکان نابنە هۆی گۆڕینی واتا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**٢-٣/١) نابڕگەیی**

لە باسی پێشوتردا، بەکورتیی هەندێک زانیاریی تایبەت بەبڕگەییەکان خرایەڕوو. بەپێویستی دەزانیین، هەندێک زانیاریی تایبەت بەنوسین و شێوەی گرافیمە (نابڕگەیی) ەکان لە(سەرەتا، کۆتا)یی(بڕگە/وشە)ی فۆنۆلۆژییدا نیشانبدەین، وەک:


| ئاوبێی فۆنێمیی | ئاوبێی فۆنەتیکیی | سەرەتا | کۆتایی |
|---|---|---|---|
| ١٦)/ت/ | [t] | /تەڕ/ | / کەوت/ |
| ١٧)/ن/ | [n] | /ناڵ/ | / دان/ |
| ١٨)/س/ | [s] | /ساڵ/ | / داس/ |
| ١٩)/ف/ | [f] | /فیڵ/ | / کەف/ |


لەنمونەکانی(١٦ ،١٧ ،١٨ ، ١٩)دا، گرافیمەکانی(/ت، ن، س، ف/) لە(سەرەتا، کۆتایی) بڕگەدا بەشدارییان لە وشەی فۆنۆلۆژییدا کردووە، بەڵام بەپێی جێکەوتەکانیان بەشێوەیەکی خورتیی فۆڕمی گۆڕدراویان هەیە و نەبونەتە هۆی گۆڕینی واتا. بۆ زانیاریی زیاتر (بڕوانە: هێڵکاریی نمونەکانی(١٦، ١٧، ١٨، ١٩).











DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

زانیارییەکانی (١٦، ١٧، ١٨، ١٩). ئەو ڕاستییە دەخەنە ڕوو، کە گرافیمەکانی(/ت، ن، س، ف/) لە (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) برگەی وشەی فۆنۆلۆژییدا فۆنیمێکی سەربەخۆن، بەڵام لە ڕوی نوسینەوە بەشێوەیەکی خورتیی وەکیەک نانوسرێن، بەڵکو شێوەی جیاوازیان هەیە. ئەو جۆرە گۆڕدراوەنەیش لەزانستی زماندا، بەئەلۆگراف ناسراون و بەهەمان شێوەی ئەلەفۆنەکان نابنە هۆی گۆڕینی واتا.

## ئەنجام:

١- سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان زانیاریی فەرهەنگین و لەناو پێڕەویەکدا جێکەوتەیەک وەردگرن، لە پەیوەندی جێنیشیی و دابەشبونی تەواوکەرانەدا، دەشێت هەمبەریی بن، یان بەشێوەیەکی خورتیی، یاخود لەجۆری ئازاددا جۆراوجۆری دەربڕینیان هەبێت، بەو جۆرە گۆڕدراوەنەش دەوترێت ئەلەفۆن، چونکوم واتا ناگۆڕن.

٢- هەندێک لە فۆنیمەکان لەدابەشبونی تەواوکەرانەدا بەشێوەیەکی خورتیی، فۆڕمێک یان زیاتریان هەیە، بەو جۆرە نوسینە جیاوازانەیش دەوترێت ئەلۆپیت.

٣- فۆنیمەکان لە وشەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژییدا، لە دابەشبونی تەواوکەرانەدا، لە ڕوی فۆناتاکتیکەوە لە(+دەنگداریی)ەوە، دەگۆڕین بۆ(-دەنگداریی)، یاخود بەپێچەوانەوە لە(-دەنگداریی)ەوە، دەگۆڕین بۆ(+دەنگداریی).

٤- هۆکارەکانی دروستبونی ئەلەفۆن دەگەڕێتەوە بۆ:

ا-شێوەی خورتیی، وەک:( فۆنۆتاکتیکی فۆنیمەکان لە وشەی فۆنۆلۆژیی، پێواژۆ- مۆرفۆلۆژیی، شکاندنەوەی ناوی کرداریی، هێز....هتد).

ب-شێوەی ئازاد، ئەم جۆرە پێواژۆنەش فۆنەتیکین، نەک فۆنۆلۆژیی، وەک:( زار و وەچەزار، نەخۆشیی دەرونیی، خوێندنەوەی(قورئان، شیعر، پەخشان..هتد)بەشێوەیەکی ئازادانە، پەلەپەل و خێرا قسەکردن، باری ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی.....هتد).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# Allophone and Allogram in Kurdish Language

**Dilshad Mohammed Gharib**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Garmian, Kalar, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Dilshad.hamagharib@garmian.edu.krd

**Aso Abdulrahman karim**
Department of Kurdish language, College of Education, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Aso.baban@su.edu.krd

**Nasrin Nori Abdulla**
Department of Kurdish Language, College of Languages and Human Sciencces, University of Garmian, Kalar, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Nasrin.nuri@garmian.edu.krd

**Abstract:**

This study is devoted to Allophone and Allogram in Kurdish language. It is an effort to follow phonetics and phonology systematically, which focuses on variant expression and practicing the phonemes. Then it completes its division in an obligatory way or freely .This kind of expression is called (Allophone), Besides ,it specified such kinds of graphemes changes which is not special to expression ,it relates to (written/orthography). It means that a phoneme exists in complementary distribution whether it is obligatory or more. Such kind of differentiate forms are called(ALlogram).

This method which is used in this study is analysis, In which some phonemes are specified in phonological changes. Analyzing the example theoretically and carrying out the transformational rules. It uses (global phonetics- alphabet). Besides (Kurdish phonemes- alphabet) . All examples are taken from daily speech of (central dialect/ Kurdish language).

**KeywordS:** Allophone, Phonemes, Graphe, Graphemes, Alphabet.

## سەرچاوەکان:

ئاسو عبدالرحمن کریم(٢٠١٩)، ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢تالێب حوسێن عەلی ( ٢٠١٥)، دەنگسازی-چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.

دڵشاد محەمەد غەریب (٢٠١٩)، هێز و ئەکسێنت لەشێوەزاری کەرکووکدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

سازان زاهیر سەعید (٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسیی لەزمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

عادل ڕەشید قادر (٢٠٠٨)، فۆنۆلۆژی زمانی کوردی – کرمانجی سەروو، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، ب١، چ١، سلێمانی.

خەبات هادی جەمیل (٢٠١٥)، فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

محەمەدی مەحویی (٢٠٠١)، زمان و زانستیی زمان- سەرەتایەک بۆ زانستی زمان، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

محەمەدی مەحویی (٢٠٠٨)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

محەمەدی مەحویی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

محەمەدی مەحویی (٢٠١٦)، مەنامە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

محەمەد مەعروف فتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان-کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی (شێروان حسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر)، چاپی یەکەم، هەولێر.

محەمەد مەعروف فەتاح(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، هەولێر.

احمد مختار عمر( ٢٠٠٦)، دراسة الصوت اللغوي، الطبعة الرابعة، القاهرة، الموقع على الانترنت:www.alamalkotob.com.

عطية سليمان (بدون سنة الطبع)، الفونيمات فوق التركيبية في القران الكريم(المقطع- البر-التنغيم)، الاكاديمية الحديثة للكتاب الجامعي.

مبارك حنون، احمد العلوى( ١٩٩٢)الفونولوجيا التوليدية الحديثة، الطبعة الاولى، مطبعة النجاح الجديدة. الدار البيضاء، منشورات دراسات- سال.

Ladefoged, p. (2010), Aspects of phonological theory journal linguistics.

Chomsky, N and Hall,M. (1968), The sound pattern of English, New York.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021